# ڕەنگدانەوەی بەرنامەکانی گۆڕان

# لەڕێککەوتنی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا

گەیلان عەباس




ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 00964(0)7725047120 & 00964(0)7481505010
Email: research.gorran@gmail.com

ئازاری ٢٠١٩

# ڕەنگدانەوەی بەرنامەکانی گۆڕان

# لەرێککەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمدا

نوسین و ئامادەکردن

گەیلان عەباس- ئەندامی ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 00964(0)7725047120 & 00964(0)7481505010
Email: research.gorran@gmail.com

ئازاری ٢٠١٩

پێرست

دەستپێک ..... ٢
بەراوردی نێوان دەقی ڕێککەوتنەکەو بەرنامەکانی گۆڕان ..... ٥
دەقی ڕێککەوتنی پارتی و گۆران ..... ٦
یەکەم - لەسەر ئاستی عێراق ..... ٦
دووەم: لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان ..... ٩
لەسەر ئاستی پەرلەمانی کوردستان ..... ١٣
لەسەر ئاستی دەسەلاتی جێبەجێکردن ..... ١٥
ئەنجام ..... ١٦
سەرچاوەکان: ..... ١٩

## دەستپێک

دوای حەوت کۆبونەوەو نزیکەی ٤٠ کاتژمێر دانوستان لەنێوان بزوتنەوەی گۆڕان و پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی ١٨ شوباتی ٢٠١٩ ڕێککەوتننامەی پێکهێنانی حکومەت لەنێوان هەردولادا واژۆکرا.

ڕێککەوتننامەکە نزیکەی ٢٥ خاڵی لەخۆ گرتووە و بەسەر دوو ئاستدا دابەشکراوە، ئاستی عێراق و ئاستی هەرێمی کوردستان.

لەئاستی یەکەمدا کە تایبەتە بە بەغدا لە پێنج خاڵدا تیشک خراوەتە سەر پرسە گرنگ و هەنوکەییەکانی پەیوەست بە دۆزە نیشتیمانییەکانی کورد لەبەغداو خاڵەکان تایبەتکراون بە پرسەکانی (خاک، مادەی ١٤٠ و ناوچە دابڕاوەکان، کێشەکانی بودجە و نەوت و غاز و پێشمەرگە، پێکهێنانی دەستەی دانوستانی هەرێم لەگەڵ بەغدا، پشکی کورد لەحکومەتی فیدراڵدا ... هتد).

ئاستی دووەمی ڕێککەوتننامەکە تایبەتە بە بواری ریفۆرم لە سیستەمی حکومڕانی هەرێمی کوردستاندا. لەم ئاستەدا ڕێککەوتنەکە بەسەر بە دوو تەوەردا دابەشکراوە، تایبەت بە (دەسەڵاتی یاسادانان "پەرلەمان" و دەسەڵاتی جێبەجێکردن "سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران")، لەم نێوانەشدا و بە بیست خاڵ جەخت کراوەتە لەسەر بەدامەزراوەیکردن و بەنیشتیمانیکردنی سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێم لەسەر ئاستەکانی دەسەڵاتی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری)، لەگەڵ بەمەرجەع کردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە چارەنوسازەکان، لەگەڵ هەنگاونان بۆ نوسینەوەی دەستور و تەرشیقکردنی حکومەتی کابینەی نۆیەم و دروستکردنی ئەنجومەنی چاکسازی و ئامادەکاری بۆ دەرکردنی یاسای چاکسازی بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری لەسەرجەم سێکتەرەکانی حکومڕانی، تا لابردنی پاشەکەوتی موچەو گێڕانەوەی مافی موچەخۆران و سزادراوانی سیاسی ...هتد).

لەگەڵ واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەدا، دەقی ڕێککەوتنەکەش بۆ ڕای گشتی و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە، بەو ئامانجەی هاوڵاتیان ئاگاداری ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەبن و ئەو لایەنانەش کە سەرنج و ڕەخنەیان لەبارەی ڕێککەوتنەکەوە هەیە، بەشێک لەنیگەرانیەکانیان بڕەوێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا بۆچونەکان بەسەر ئاستی جیاواز دابەشبون، ئاستێکیان بە ئومێدەوە سەیری ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە دەکەن و بەو هیوایەن ئەو خاڵانەی لە ڕێککەوتنەکەدا هاتون، وەک خۆیان جێبەجێ بکرێن. ئاستەکەی دیکەش چەن تێڕوانینێکی جیاواز لەخۆ دەگرێت، بەشێکیان نیگەرانیەکانیان لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە هەمیشە زۆرێک لە ڕێککەوتنەکانی هەرێمی کوردستان، وەک ئەوەی لەناوەڕۆکەکەیاندا

هاتووە، جێبەجێ نابن و تەنها وەک مۆری سەر کاغەز دەمێننەوە، هێندێکی دیکەش رەخنەکانیان لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کەخواستیان بۆ بەشدارنەبونی بزوتنەوەی گۆڕان هەبوو لەم کابینەیەدا، بەو پێیەی بزوتنەوەی گۆڕان لەماوەی چوار ساڵی رابردوداو لەکابینەی هەشتەمدا ئەزمونێکی تاڵی لەگەڵ پارتیدا تاقی کردەوە. لە ئێستاشدا پێیان وایە هیچ زەمانەتێک نییە بۆ دوبارە نەبونەوەی ئەو ئەزمونە.

ئاراستەی سێهەمیش بەشێکن لەو لایەنانەی کە لەئێستادا لەسەر کارنامەی حکومەت و ئیستیحقاقی ئینتیخابیان لەگەڵ لایەنی براوەی هەڵبژاردنەکانی (٣٠)ی ئەیلولی ساڵی (٢٠١٨)، رێک نەکەوتون و لەدەرەوەی رێککەوتنی پێکهێنانی حکومەت، رەخنە لە رێککەوتنەکە و ئەو بەرکەوتانە دەگرن کە بەر بزوتنەوەی گۆڕان کەوتووە.

دوای واژۆ کردنی رێککەوتنەکە لێرەو لەوێ خوێندنەوەی جیاواز بۆ رێککەوتنە کرا، هەندێک رێککەوتنەکە بە سەرکەوتوو دەبینن، بەتایبەت بۆ بزوتنەوەی گۆڕان و وەفدی دانوستانکاری، لەبەرامبەردا بەشێکی دیکە بە پێچەوانەوە، پێیان وایە ئەم رێککەوتنە هاوشێوەی رێککەوتنەکانی رابردوو شکست دەهێنێت و لەو نێوانەدا بزوتنەوەی گۆڕان و هاوڵاتیانی کوردستان زەرەرمەندی یەکەم دەبن.

ئاشکرایە هیچ پرۆژەیەک بەبێ رەخنەی جدی و بابەتی ناتوانێت بەردەوام بێت، رەخنەو بەدواداچون هۆکارێک دەبن بۆ سەر پێگرتنی هەر پرۆژەیەک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لێکدانەوە کە لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە بابەتەکە دەبینێت و تەواوی گۆشەکانی بابەتەکەی لەپێش چاو نییە، بێگومان ناتوانێت وەک خۆی ئامانج بپێکێت، بە نمونە لەگەڵ واژۆکردنی رێککەوتنەکەدا زۆر نوسراو و گوترا لەسەر ئاکامی سەرکەوتن و شکستی رێککەوتنەکە، زۆرێک لەم لێکدانەوانە کاریگەری روئیای حیزبییان پێوە دیاربوو، ئەمەش وادەکات ئەم لێکدانەوانە بەپەلەبن بۆ دەرئەنجامی رێککەوتنەکەو نابابەتیانە شیکردنەوە بۆ رێککەوتنەکە بکەن، بەو پێیەی تەنها ئیمزاکردنی هەر رێککەوتنێک بەمانای سەرکەوتن و شکست نایەت، بەڵکو گرنگ ئاکامی رێککەوتنەکەیە. هەر بۆیە لەکاتی ئێستادا قسەکردن لەسەر سەرکەوتن و شکستی ئەم رێککەوتنە خوێندنەوەیەکی خێرایەو پێناچێ زۆر بەتەواوی ئامانج بپێکێت، رۆژانی داهاتوو دەرئەنجامی ئەم لێکدانەوانەو رادەی سەرکەوتن و شکست و واقیعی جێبەجێ بون و کارپێنەکردنی رێککەوتنەکە دەخاتە روو.

دواجار ئەوەی ئێمە لەم بابەتەماندا ئامانجمانە تیشکی بخەینە سەر، قسەکردن نییە لەرادەی سەرکەوتن و شکستی ئەم ڕێککەوتن نامەیە، یاخود ئەگەرەکانی جێبەجێبون، یاخود کارپێنەکردنی ڕێککەوتن نامەکە. بەڵکو دەمانەوێت فۆکەس بخەینە سەر لایەنێک، کە کەمترین قسە لەبارەیەوە کراوە، لەمیانی ئەم ڕێککەوتن نامەیەدا. ئەو خاڵەش پەیوەستە بە جێکردنەوەی بەرنامەو ئەجێنداکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەنێو خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لەگەڵ پارتیدا.

## بەراوردی نێوان دەقی ڕێککەوتنەکەو بەرنامەکانی گۆڕان

ئەزمونی زۆرێک لە پارتەکانی کوردستان لەرابردودا دەریخستووە زۆرێک لە پارتەکان کە ئەو پارتانە پرۆژەو کارنامەکانیان تا ئەو ئاستە کاری پێدەکەن، کە مەبەستێکی دیاریکراوی پێ بەدەست دەهێنن، بە نمونە لەکاتی هەڵبژاردندا زۆرێک پارتەکان پرۆژەو کارنامەی خۆیان بۆ رای گشتی بەیان دەکەن، بەڵام دواتر ئەوەی لە ئەرزی واقیع و لەدەسەڵاتدا کاری لەسەر دەکەن، بەرنامەیەکی جیاوازترە لەوەی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا رایانگەیاندووە.

بزوتنەوەی گۆڕان لەمێژوی دروستبونییەوە لەساڵی ٢٠٠٩ تا ئێستا رایگەیاندووە گۆڕان پرۆژەیەکی مەدەنیی ریفۆرم خوازە، لەو پێناوەشدا پشت بە بەرنامەو پرۆژەکانی دەبەستێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی گشتی و لەژێر هیچ بارودۆخێکیشدا سازش لەسەر پرەنسیپ و بەرنامەکانی ناکات.

بزوتنەوەی گۆڕان لەساڵی ٢٠٠٩ جگە لەکارنامەی هەڵبژاردنەکانی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، خاوەنی دەیان پرۆژەی چاکسازی و ئابوری و سیاسی و کارگێرییە، تەنانەت لەماوەی ساڵانی رابردودا گۆڕان پرۆژەشی پێشکەش  بە دەسەڵات کردووە. بەنمونە لەماوەی چوار ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٣ کە بزوتنەوەی گۆڕان لە پێگەی ئۆپۆزسیۆندا بوو، بەردەوام پرۆژەو بەرنامەی دەبەخشییە حکومەت، کە ئەستەمە لە ئەزمونی حکومرانی وڵاتاندا ئەم نموزەجە بدۆزرێتەوە، کە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن پرۆژەو بەرنامە پێشکەشی حکومەت و لایەنە رکابەرەکانی بکات بەمەبەستی خزمەتکردن و باشکردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان. بەڵام جێنەکردنەوەو جێبەجێنەکردنی ڕینمایی و بەرنامەو ئەجێنداکانی گۆڕان لەرابردودا وایکردووە لەو مێژووەوە تا بە ئێستاش بزوتنەوەی گۆڕان بەردەوام ئەو دروشم و بەرنامانەی لەماوەی ساڵانی پێشودا بەرزی کردونەتەوە، تا ئێستاش داکۆکیان لێ بکات. باشترین راستیش بۆ سەلماندنی ئەم واقیعە بریتی بوو لەجێکردنەوەی زۆرترین پەیام و پرۆژەو کارنامەو ئەجێندای گۆڕان لە چورچێوەی ڕێککەوتن و کارنامەی کابینی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا.

ئەوەی لێرەدا ئێمە تیشکی دەخەینە سەر بریتییە لەلێکۆڵینەوەو بەراوردی نێوان دەقی ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکومەتی نێوان گۆڕان و پارتی لە ١٨ شوباتدا، لەگەڵ (بەرنامەی سیاسی گۆڕان ٢٠١٣، پاکێجەکانی چاکسازی ئۆپۆزسیۆن ٢٠١١، بەرنامەی هەڵبژاردنی گۆران و دروشمەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨، بەرنامەی هەڵبژاردنی گۆران و دروشمەکانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٨). بۆ ئەوەی بزانین بزوتنەوەی گۆران ئەو بەرنامەو دوشمانەی لەماوەی ساڵانی رابردودا بەرزی کردونەتەوەو خەباتی بۆ کردون، تا

چەند توانیویەتی بیانکاتە کۆڵەکەی رێککەوتنەکەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا.

## دەقی رێککەوتنی پارتی و گۆران

## یەکەم ـ لەسەر ئاستی عێراق

| دەقی رێککەوتنی پارتی و گۆران | بەرنامەکانی گۆران |
|---|---|
| ١. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بەپێداگیری لەسەر جێبەجێکردنی مافە دەستورییەکان ودانانی سەقفی زەمەنی بۆ هەریەک لە پرسەکانی مادەی ١٤٠ نەوت و غاز وبودجە و پێشمەرگە دەرکردنی یاسایەکی ئەنجومەنی فیدرالی و دادگایی فیدرالی عێراق. | لە پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆران<br>بەشی یەکەم: لەسەر ئاستی عێراق<br>تەوەری دوەم: بەرکەوتی گەلی کوردستان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا هاتووە" دەرکردنی یاسا فیدراڵییەکان و دامەزراندنی "ئەنجومەنی فیدراڵ" وەك لە هەردو مادەی (٦١) و (٦٥)ی دەستوردا هاتوە).<br>هەروەها لە<br>بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان ١٤٨ تەوەرەی یەکەم<br>یەکەم: ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان<br>خاڵی<br>٩. پێداگریکردن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بەپێی ستراتیژییەکی نیشتیمانی و بەپشتبەستن بە دەستور و بەڵگەنامە و راستییە مێژویی و جوگرافییەکان، بەتایبەت پرسی کەرکوك و چارەسەرکردنی بەگوێرەی مادەی (١٤٠)ی دەستوری عێراق و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەش کە پەیوەندییان بە ناوچەکانی کەرکوك، شەنگال، زوممار، تەلەعفەر، شێخان، مەخمور، خانەقین، دوز و مەندەلی و ناوچە دابڕاوەکانی ترەوە هەیە .<br>خاڵی<br>١٠. دانانی ستراتیجێکی رۆشن، بە خستنەگەڕی هەمو هەوڵێکی دەستوری، پەرلەمانی، جەماوەری، سیاسی و مەدەنی بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕێندراوەکان بۆسەر خاکی هەرێم.<br>هەروەها<br>بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق١٤٢، لە ٩ تەوەرو ٦ لاپەڕەدا لەسەر تەواوی ئەم پرسانە (پرسی ناوچە دابراوەکان، پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدرال و کێشەی نەوت و غازو بودجەو پێشمەرگە...) وەستاوەتەوە. |
| ٢. ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکوك و ناوچە کێشە | بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆران بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق١٤٢ |

| | |
|---|---|
| لەسەرەکان بۆ پێش ١٠-٦-٢٠١٤ و دانانی سەقفی زەمەنی بۆ ئەو مەبەستە و بەرێوەبردنی کەرکوک و ئەوناوچانە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەو ناوچان. | تەوەری یەکەم: ئامانجە نیشتیمانییەکان<br>١. پتەوکردنی پرەنسیپەکانی سیستمی فیدراڵی، لەسەر بنچینەی (دەوڵەتی هاوڵاتی، دەوڵەتی یاسا، شەراکەتی راستەقینە)، لەنێوان سەرجەم پێکهاتەکان، بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی عێراق.<br>٢. جێبەجێکردن و چەسپاندنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری)، بە شێوازێکی تەندروست.<br>٣. هەڵبژاردنی کاندیدی پسپۆڕ و سەربەخۆ (تەکنۆکرات)، بۆ دەستە سەربەخۆکان و پۆستەکانی دەسەڵاتی دادوەری.<br>٤. بەدامەزراوەیکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و حکومەت و بنبڕکردنی هەژموون و دەستی حیزب لە دامەزراوەکاندا، لەرێگای بەمەدەنیکردنی رۆڵ و چالاکییەکانی حیزب لە ململانێی سیاسیدا .<br>٥. پشتگیریکردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و راگەیاندنی ئازاد و پاراستنی سەربەخۆییان، لەپێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندییە مەدەنی و پیشەییەکانی سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگا.<br>٦. دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی، بەپێی مادەی (٦٥)ی دەستورو بنەماو پێوەرە کارپێکراوەکانی وڵاتە فیدراڵییە پێشکەوتوەکانی جیهان، هەروەها زامنی ئەوە بکرێت نوێنەرانی هەرێم لە ئەنجومەنەکەدا مافی ڤیتۆکردنی ئەو یاسایانەیان هەبێت، کە پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە.<br>٧. چەسپاندنی تەوافوق و هاوسەنگی و شەراکەتی راستەقینە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق، لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و حکومەتدا. |
| ٣. حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان دەستەی دانوستاند دروست دەکەن بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستورییەکانی میللەتەکەمان. | بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان ١٤٨بۆ پەرلەمانی کوردستان<br>تەوەرەی یەکەم<br>یەکەم: ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان<br><u>خاڵی</u><br>٨. بە پیشەییکردن و بە یاساییکردنی ئەرکی دانوستان و چاودێریکردنی ئەدای نوێنەرانی گەلی کوردستان لەناو دەسەڵاتە جیاوازەکانی حکومەتی فیدراڵ و وەزارەت و دامەزراوە و دەستە سەربەخۆکانی عێراقدا. لەرێگەی دامەزراندنی دەستەیەکی نیشتمانییەوە، کە لە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرێ و لەبەردەم پەرلەمانیشدا بەرپرسیاربێت.<br><u>هەروەها</u><br>پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، بەشی یەکەم: لەسەر ئاستی عێراق، تەوەری یەکەم :بەنیشتمانیکردنی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ<br><u>خاڵی</u><br>٣. بەپیشەییکردن و بەیاساییکردنی ئەرکی دانوستان و |

| | |
|---|---|
| | چاودێریکردنی ئەدای نوێنەرانی گەلی کوردستان لەناو دەسەڵاتە جیاوازەکانی حکومەتی فیدراڵ و وەزارەت و دامەزراوە و دەستە سەربەخۆکانی عێراقدا، لەڕێگەی دامەزراندنی دەستەیەکی نیشتمانییەوە کە لە پەرلەمان هەڵبژێردرێ و لەبەردەم پەرلەمانیشدا بەرپرسیاربێ، ئەرکە سەرەکیەکەی بریتی بێ لە دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و داکۆکیکردن لە ئیستحقاقی نەتەوەیی گەلی کوردستان بەو شێوەیەی لە دەستوری عێراقدا هاتوە.<br>هەروەها<br>بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ١٤٢، تەوەرەی سێهەم، پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ،<br>خاڵی<br>٤ . بە پیشەییکردن و بە یاساییکردنی ئەرکی دانوستان و چاودێریکردنی ئەدای نوێنەرانی گەلی کوردستان لەناو دەسەڵاتە جیاوازەکانی حکومەتی فیدراڵ و وەزارەت و دامەزراوە و دەستە سەربەخۆکانی عێراق. لەرێگەی دامەزراندنی دەستەیەکی نیشتمانییەوە، لە پەرلەمان هەڵبژێردرێ و لەبەردەم پەرلەمانیشدا بەرپرسیاربێ. |
| ٤. حکومەتی هەرێم پێداگیری دەکات لە پێناو جەسپاندنی پرەنسیپی هاوسەنگی و هاوبەشی راستەقینە و سازان لەسەر ئاستی عێراق و دامەزراوەکانی عێراق. | بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ١٤٢<br>تەوەرەی یەکەم<br>خاڵی<br>٧. چەسپاندنی تەوافوق و هاوسەنگی و شەراکەتی راستەقینە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق، لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و حکومەتدا. |
| ٥. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداگیری بکات لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق. | بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ١٤٢<br>تەوەرەی هەشتەم،<br>خاڵی<br>٩. ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە سەرانسەری عێراق، لە پێناو دەرکەوتنی رێژەی راستەقینەی دانیشتوان و سەرجەم پێکهاتەکان. بە گوێرەی برگەی ٩ لە مادەی (١١٠)ی دەستوری هەمیشەی عێراق. |

## دووەم: لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان

| دەقی ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان | بەرنامەکانی گۆڕان |
|---|---|
| ١.حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە دامەزراوەیی و بە نیشتیمانی کردنی سەرجەم دام و دەزگاکانی هەرێم، بەجۆرێک کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی مسۆگەر بکات. | بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان ١٤٨بۆ پەرلەمانی کوردستان<br>تەوەرەی یەکەم<br>یەکەم: ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان<br>خاڵی<br>٥. بەنیشتمانیکردنی سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێم و پاککردنەوەی هەمو ئەو دامەزراوانە لە وەلائی حیزبی و شەخسی و بنەماڵەیی . |
| ٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە نەهێشتنی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران و جێگرکردنی بری پاشەکەوت لە ژمێرەی مووچەخۆراندا و گێرانەوەی ئەم پاشەکەوتە بە خشتەیەکی گونجاو لەگەڵ باشبوون و توانای دارایی. | بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان ١٤٨بۆ پەرلەمانی کوردستان<br>تەوەرەی دووەم ئامانجە ئابورییەکان لەسەر ئاستی دەسەڵاتی پەرلەمان<br>خاڵی<br>٧. هەڵوەشاندنەوە، یان هەموارکردنی هەمو ئەو یاسا و ڕێنمایی و بڕیارە تایبەتانەی کە پەیوەندیدارن بە سیستمی موچە، خانەنشینی و ئیمتیازاتی بەرپرس و وەزیرو پەرلەمانتاران، بەجۆرێک دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێدا فەراهەم بێت. |
| ٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە پەیڕەوکردنی پرەنسیپەکانی حکومرانی چاک بەتایبەت شەفافیەت و پرسینەوە و هاوبەشی ڕاستەقینە بەمەبەستی چەسپاندنی حکومەتی هاوڵاتی بوون بو هەموو کوردستانیان. | بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان ١٤٨بۆ پەرلەمانی کوردستان<br>تەوەری یەکەم<br>دووەم. ئامانجە دیموکراتییەکان<br>خاڵی<br>١ پتەوکردنی پرەنسیپەکانی سیستمی دیموکراتی و چەسپاندنی چەمکی هاوڵاتیبون، کاراکردنی خەباتی پەرلەمانی، جیاکردنەوەی ئەرکی حیزبی لە فەرمانی حکومی، دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەسەڵاتە ناوەندیەکانی هەرێم لە دەسەڵاتی پارێزگاکان، دابەشکردن و وردکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەر هەمو ئاستە کارگێڕی و داراییەکان.<br><br>تەوەری دووەم<br>یەکەم. ئامانجە ئابورییەکان<br>خاڵی<br>٤ پەیڕەوکردنی پرەنسیپی ڕۆشنی (شەفافیەت) لە مامەڵەکردن لەگەڵ داهات و بودجەی گشتی حکومەتی هەرێم، لەبواری: |

| | |
|---|---|
| | وردەکاریەکانی بودجە، سەرچاوەکانی و چۆنێتی خەرجکردن و دابەشکردنی بەسەر سێکتەر و کەرتە ئابوریی و وەزارەتە جیاوازەکان و پارێزگاکانی هەرێمدا. |
| ٤.حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە دەکات بە لیستی مووچە خۆران بە مەبەستی ساغکردنەوەی فەرمانبەری راستەقینە لە مووچە خۆر و خانەنشینان بۆ ئەوەی لیستی فەرمانبەران رێکبخرێتەوە لەسەر بنەمای میلاکی راستەقینە و پێکهێنانی ئەنجومەنی خزمەت . | بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان ١٤٨<br>تەوەری چوارەم<br>دووەم؛ سامانی مرۆیی و دادی کۆمەڵایەتی<br>هاوکاری هاولاتیانی هەژار و فەرمانبەرو خانەنشین و کەسوکاری شەهیدان<br><u>خاڵی</u><br>٣ یەکخستنی سیستمی موچە و داتاکردنی ناوی موچەخۆرانی کوردستان و بەئەلیکترۆنیکردنی دابەشکردنی موچە لە رێگەی بانکەوە، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ژمارەی راستەقینەی موچەخۆرانی کوردستان و جیاکردنەوەی موچەخۆری راستەقینە لە بندیوارو ئاشکراکردنی موچەخۆری وەهمی و بڕینی هەمو ئەو پارانەی لە ئەنجامی ناعەدالەتی و گەندەڵی بەفیرۆچون و گێڕانەوەی بۆ وەزارەتی دارایی. |
| ٥. حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردەدات بە دامەزراندنەوەی گشت ئەو کەسانەی لە بەر هۆی سیاسی لەسەر کارەکانیان دوورخراونەتەوە و سزای جۆراوجۆریان دراون. | دروشمەکانی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨ |
| ٦. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە نیشتیمانی و دامەزراوەیی کردنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم. | بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان ١٤٨<br>تەوەرەی یەکەم<br>یەکەم: ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان<br><u>خاڵی</u><br>٣ بەدامەزراوەیی کردنی پەیوەندییەکان و یەکخستنی گوتاری فەرمی هەرێم لەگەڵ دەرەوەدا، لەسەر بنەمای رۆشنیی، لەرێی کەناڵە یاسایی و دەستوریەکانەوە. |
| ٧. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە تەرشیق کردنی حکومەت و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان. | پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان<br>بەشی دوەم: لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان<br>تەوەری یەکەم: ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان<br>خاڵی چوارەم، کاراکردنی پەرلەمان و حکومەت<br><u>خاڵی</u><br>١. دامەزراندنی حکومەتێکی کارا، بچوککردنەوە و تەرشیقکردنی وەزارەت و دامودەزگاکانی لەسەر بنەمای چوستی نەك قەبەیی، دور لە بیرۆکراسی و هەڵاوسانی کارگێڕیی. هانگاونان بەرەو خێراکردن، نە-ناوەندێتی، بەئەلیکترۆنیکردنی پەیوەندییە کارگێڕییەکان، |

| | |
|---|---|
| | رزگارکردنی هاوڵاتی لە بەشێکی زۆری مەسرەف وماندوبونی هاتوچۆی نێوان فەرمانگەکان و هاتوچۆی نێوان پایتەخت و مەڵبەندی شار و ناوچە جیاوازەکان.<br>هەروەها<br>بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان ١٤٨<br>تەوەرەی یەکەم<br>دووەم: ئامانجە دیموکراتییەکان<br>خاڵی<br>٧ دامەزراندنی حکومەتێکی کارا، بچوککردنەوەی حکومەت و ژمارەی وەزارەت و دەستەو دامەزراوەکانی هەرێم، لەگەڵ نەهێشتنی شوێنەواری دو ئیدارەیی ومۆدرێنیزە کردنی سیستمی کارگێڕی. |
| ٨. پەیرەوکردنی لامەرکەزی کارگیری و دارایی زیاتر بۆ پارێزگاکان و شۆربوونەوەی دەسەلاتەکان بۆ یەکەی کارگێری بە چاودێری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران. | پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان<br>بەشی سێیەم: لەسەر ئاستی پارێزگاکان،<br>تەوەری یەکەم : چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی<br>خاڵی<br>بەیاساییکردنی نەناوەندێتی کارگێڕیی و چەسپاندنی لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا.<br>دابەشکردنی ئەرک و دەسەڵاتی یەکە کارگێڕیەکانی هەرێم لەسەر بنەمای دابینکردنی فراوانترین ئاستی نەناوەندێتی کارگێڕی بۆ پارێزگاکانی هەرێم، بە جۆرێک هەر پارێزگایەک یەکەیەکی کارگێڕیی سەربەخۆ پێکبێنێ و خاوەن دەسەڵاتی کارگێڕیی و دارایی سەربەخۆی خۆی بێت.<br>هەمو پارێزگایەک ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو و حکومەتێکی مەحەلی لە شێوەی ئەنجومەنێکی راپەڕاندندا هەبێ، پارێزگار وەک سەرۆکی یەکەی کارگێڕیی سەرپەرشتی ئەنجومەنی راپەڕاندنی پارێزگا بکا.<br>هەروەها<br>بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق١٤٢، تەوەرەی دووەم، چاکسزای لەدامەزراوە فیدراڵی و لامەرکەزییەکاندا،<br>خاڵی<br>٢ بەهێزکردنی بنەمای لامەرکەزی ئیداری، لەپێناو فراوانکردنی دەسەڵاتە ئیداری و داراییەکانی یەکە کارگێرییەکان و کاراکردنی توانای جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و گەشەپێدان لە یەکە ئیدارییەکاندا.<br>هەروەها<br>پرۆژە و پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ چاکسازیی ریشەیی، پاکێجی یەکەم: چاکسازی لە سیستمی سیاسیی هەرێم ٢٠١١ |
| ٩. جەخت کردنەوە لەسەر رێزگرتن لە ئازادییە کان و | بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان ١٤٨<br>تەوەرەی یەکەم |

| | |
|---|---|
| جیاوازییەکان و دەستخستنی زانیاری بە پێیی یاسا، پشتیوانی دامودەزگاکانی پۆلیس و دادگا تا کاری خۆیان ئەنجام بدەن، نابێت هیچ کەسێک بە بێ فەرمانی دادوەر دەستگیر بکرێ. | یەکەم: ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان<br>خاڵی<br>١٤ رێزگرتن لە فەرهەنگی جیاوازیی و پاراستنی ئازادیی رادەربرین و مافی سیاسی و مەدەنی و بیروباوەری ئاینی، لەسەر ئاستی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی... هتد.<br>هەروەها<br>پرۆژە و پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ چاکسازیی ریشەیی، پاکێجی سێهەم: سەربەخۆکردن و ئەکتیڤ کردنی دەسەڵاتی دادوەری ٢٠١١. |
| ١٠. پەیرەوکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان و رێگرتن لە قۆرغکاری و پشتیوانی کێبرکێ و پشکداری هاوڵاتیان. | پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان<br>بەشی دوەم: لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان<br>تەوەری دوەم:<br>یەک. رۆشنکردنەوەی سیاسەتی دارایی و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی<br>خاڵی<br>٧. پێڕەوکردنی رۆشنی دەربارەی بازاڕ، ئاشکراکردنی هۆکاری پاوانکاریی، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، پاشاگەردانی و گرانیی خۆراك و کەلوپەل و قەیرانی کۆنترۆڵی کوالیتی.<br>هەروەها<br>بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان ١٤٨<br>تەوەری دووەم<br>یەکەم: ئامانجە ئابورییەکان- لەسەر ئاستی بازاڕ و سەرمایەگوزاری و کەرتی تایبەت<br>خاڵی<br>١٢ هاندانی سەرمایەگوزاری دەرەکی بەجۆرێك لە بەرژەوەندی ستراتیجیی هەرێمدا بێت، لە بوارەکانی بنیاتنانی ژێرخان و پرۆژە نیشتمانیەکاندا بەو مەرجەی لەرێگای یاساوە کۆمپانیا بیانیەکان ئیلزام بکرێن بە بەگەرخستنی رێژەیەکی گونجاوی کارمەندو تەکنیکار و کرێکاری ناوخۆی هەرێم بەمەبەستی گواستنەوەی شارەزایی و نەهێشتنی بێکاری و رەخساندنی هەلی کار. |
| ١٢. حکومەتی هەرێم و لایەنە سیاسیەکان پابەندن بەیەک پارچەیی یەکگرتووی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان و کاردەکەن بۆ یەکخستنەوەی و رێکخستنەوەی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بەهێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆشەوە. | بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ١٤٢<br>تەوەرەی پێنجەم، چاکسازی لەهیزی پێشمەرگەو سوپای عێراق و دەزگا ئەمنییەکاندا<br>خاڵی<br>١. رێکخستن و سەربەخۆکردن و بەپیشەییکردن و بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارکردن و مەشقپێکردنیان بە شێوەیەکی سەردەمیانە. هەروەها یەکخستنیان لە چوارچێوەی هێزی پاسەوانی هەرێم و هێزی پاسەوانی سنورو بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی مونتەسیبەکانی بۆ ئاستی مونتەسیبەکانی سوپای نیزامیی عێراق، وەك بەشێك لە |

| | |
|---|---|
| | سیستمی بەرگریی دەوڵەتی فیدراڵ.<br>٢. بەدامەزراوەییکردنی هێزە ئەمنییە هەرێمی و فیدراڵییەکان، وەك هێزێکی بێلایەن و پیشەیی، بەشێوەیەك، کە وەلائیان بۆ نیشتمان بێت و ڕێگەنەدرێت دەست وەربدەن لە کاروبار و ململانێ سیاسییە ناوخۆییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ.<br>٣. داکۆکیکردن لە پشکی بەشداری هاوڵاتیانی کوردستان، لە سوپای عێراق و وەزارەتی بەرگری و دامەزراوە فیدراڵییە ئەمنییەکان لەپێناو بەدیهێنانی مادەی (٩)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق.<br>٤. پێداچونەوە بە گرێبەستەکانی کڕینی چەك و تەقەمەنی و پێداویستییە سەربازییەکان و لێکۆڵینەوە لە هاوکارییە سەربازییەکانی وڵاتان، بەشێوەیەکی ڕون (شفاف)<br><u>هەروەها</u><br>بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان ١٤٨ تەوەرەی سێهەم<br>سێهەم؛ ئامانجە ئەمنی و سەربازییەکان بە ١٥ خاڵ ئەو پرسە ڕون کراوەتەوە<br><u>هەروەها</u><br>پرۆژە و پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ چاکسازیی ریشەیی، پاکێجی دووەم: سەربەخۆ و بێلایەن کردنی پێشمەرگە و ئاسایش و دەزگا هەواڵگرییەکان، ٢٠١١. |
| ١٢ حکومەتی هەرێم کاردەکات بۆ پاراستنی هەرێم لەشەر و ململانێی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و شەرو ململانێی ناوخۆیی. | دروشمەکانی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨<br>دروشمەکانی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٨ |

## لەسەر ئاستی پەرلەمانی کوردستان

| دەقی ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان | بەرنامەکانی گۆڕان |
|---|---|
| ئەلیف- هەموو ئەو یاسایانەی ڕەهەندی نیشتیمانیان هەیە بە سازانی هەردولا هەموار دەکرێن و دەردەچوێندرێن لە ناو پەرلەمان وەک دەستوور، یاسایی سەرۆکایەتی هەرێم ، یاسای هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان. | پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان<br>بەشی دووەم: لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان<br>تەوەری یەکەم: ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان،<br>خاڵی سێهەم، بەیاساییکردنی ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان<br><u>خاڵی</u><br>٢ هەموارکردنەوەی هەمو ئەو یاسایانەی کە ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە لەڕێگای سازانی نیشتمانییەوە، بەتایبەتی ئەو یاسایانەی کە کاریگەریی لەسەر ژیانی دیموکراتی و ڕێساکانی گەمەی سیاسی |

| | |
|---|---|
| | هەرێم جێدێڵن.<br>هەروەها<br>پرۆژە و پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ چاکسازیی ریشەیی، پاکێجی یەکەم: چاکسازی لە سیستمی سیاسیی هەرێم ٢٠١١ |
| ب- کاراکردنی رۆلی چاودێری پەرلەمان و هەموو ئەودەزگایانەی تایبەتن بە چاودیری وپشکنین. | پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان<br>بەشی دوەم: لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان<br>تەوەری دوەم: یەک. رۆشنکردنەوەی سیاسەتی دارایی و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی<br>لقی ٢-٣-٤<br>- سپاردنی پرسی پەسەندکردنی بودجە بە پەرلەمان پاش پێشنیازکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، پابەندکردنی ئەنجومەنی وەزیران بە بەخشینی زانیاری پێویست بە پەرلەمانتاران، بەرپرسیارکردنی ئەنجومەنی وەزیران لە جێبەجێکردنی هەمو وردەکاریەکانی بودجەدا.<br>- کاراکردنی رۆڵی پەرلەمان لە بەدواداچون و لێپێچینەوەو پرسیارکردن و سەندنەوەی متمانە لە وەزیر و بەرپرس و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە کاتی روودانی هەر لادانێکی داراییدا.<br>- کاراکردنی رۆڵی دادگاکان و دەستەو دەزگاکانی نەزاهەو چاودێری دارایی لە بەدواداچون و لێپێچینەوە و سزادانی بەرپرسە حکومی و حیزبیەکان و کۆمپانیاو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە کاتی روودانی هەر لادانێکی داراییدا.<br>هەروەها<br>پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان<br>بەشی دوەم: لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان<br>تەوەری یەکەم: ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان<br>خاڵی چوارەم، کاراکردنی پەرلەمان و حکومەت<br>خاڵی<br>٢ لێپێچینەوەو پرسیارکاریی پەرلەمانی لە هەمو بەرپرسەکان، لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتەوە تا وەزیر و هەمو پلەدارەکانی بەرپرسیارێتی، سزادان و سەندنەوەی متمانە لێیان لەکاتی سەرپێچیی دەستوریی و یاساییدا.<br>هەروەها<br>پرۆژە و پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ چاکسازیی ریشەیی، پاکێجی چوارەم: بەگژداچوونەوەی گەندەڵی ٢٠١١ |

## لەسەر ئاستی دەسەلاتی جێەجێکردن

| دەقی رێککەوتنی پارتی و گۆران | بەرنامەکانی گۆڕان |
|---|---|
| ١. سەرۆکایەتی هەرێم<br>کاراکردنەوەی دەمەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان تا نوسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان وپێداچوونەوە بە دەسەلاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم دا. | پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان،<br>بەشی دوەم: لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان<br>تەوەری یەکەم: ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان<br>خاڵی سێهەم، بەیاساییکردنی ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان<br>خاڵی<br>١ گەڕاندنەوە و هەموارکردنەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بەشێوازێك کە سیستمی سیاسی هەرێم سیستمێکی پەرلەمانی بێت، پرنسیپی نەناوەندێتی کارگێڕی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پاراستنی ئازادییە سیاسیەکانی تێدا چەسپیبێت. |
| ٢. ئەنجومەنی وەزیران / بەرنامەی کابینەی وەزاری<br>سەبارەت بە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان<br>١- بەرنامەی وەزاری کە کۆکراوەی بەرنامەی لایەنە بەشدارەکانە، دەبێ لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێ. | بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان ١٤٨<br>تەوەرەی یەکەم<br>یەکەم: ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان<br>خاڵی<br>١ بەدامەزراوەییکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق و دانانی پەرلەمانی کوردستان بە مەرجەعی شەرعی بڕیاردان لەسەر پرسە نیشتیمانی و چارەنوسسازەکان. |
| ٢- بەرنامەی وەزاری دەبێ پرۆژەی یاسایی چاکسازی هەمەلایەنەی سیاسی، یاسایی ، ئابووری ودارایی ، کارگێری لە خۆبگرێ. | دروشمەکانی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨ |
| ٣- لە چوارچێوەی ئەنجومەنی وەزیراندا ئەنجومەنێکی باڵای چاکسازی دروست بکرێ. | |
| ٤- دیاریکردنی سەقفی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی هەر سێکتەرێک لەو سێکتەرانەی کەلە بەرنامەی هاوبەشەکەمان دێت، لە دۆخی ئاسایی و ئارامی و سەقامگیری دا لە هەرێمی کوردستاندا. | |

## ئەنجام

١. لە بەراوردی نێوان دەقی ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکومەتی نێوان گۆڕان و پارتی لەگەڵ دەقەکانی (بەرنامەی سیاسی گۆڕان ٢٠١٣، پاکێجەکانی چاکسازی ئۆپۆزسیۆن ٢٠١١، بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی گۆران و دروشمەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨، بەرنامەی هەڵبژاردنی لسیتی گۆران و دروشمەکانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٨) بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی ئەو خاڵانەی لە ڕێککەوتنەکەدا هاتون بە ڕێژەیەکی زۆر، بریتین لەو پاکێج و کارنامانەی رابردوو کە بزوتنەوەی گۆران بۆ پرسەکانی خزمەت و چاکسازی و دژایەتی گەندەڵی، گۆڕینی سیستەمی سیاسی و بەدامەزراوەیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و پرسی ناوەندێتی و لامەرکەزی کارگێری و یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، تا فەراهەمکردنی ئازادی سیاسی و رۆژنامەوانی و لەگەڵ بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری، جەختی لەسەر کردونەتەوە. لەم قۆناغەشدا توانیویەتی هەموو ئەو پرەنسیپ و بنەما سەرەکیانە بکاتە کۆڵەکەی بنەڕەتی ڕێککەوتنی لەگەڵ پارتی دیموکرات بۆ چوار ساڵی داهاتوو.

٢. پرۆسەی ڕێککەوتنی پارتی و گۆران لەنێوان دوو گێمدا بوو، بزوتنەوەی گۆران پشت بەست بەو بەڵگانەی باسکران، پەیوەست بە جێکردنەوەی بەرنامەو پاکێجەکانی لەکارنامەی حکومەتدا توانیویەتی لەگێمی یەکەمدا یارییەکی باش ئەنجام بدات، بەڵام ئەوەی زەمانەتی سەرکەوتنە بۆ گۆران و ئەم پرۆژەیە، دەقی نوسینەکەو ئەنجامی گێمی یەکەمی پرۆسەکە نییە، بەڵکو گێمی دووەمی پرۆسەکەو چونە بواری جێبەجێکردنی ڕێککەوتن نامەکەو ئەو دەسکەوتانەیە کە لەئەنجامی ڕێککەوتنەکە بۆ خزمەتی گشتی هاوڵاتیان بەرهەم دێن.

٣. ئەوەی لەناوەرۆک و تەفاسیلی ڕێککەوتن نامەکەدا هاتووە زۆرێکیان خاڵی گرنگ و بەجێن، بەڵام ئەمە تەنها زەمانەت نییە بۆ سەرکەوتن و بە ئیجابی بینینی ڕێککەوتنەکە، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆکاری سەرکەوتنی ئەم ڕێککەوتن نامەیە، بریتییە لە چونە بواری جێبەجێبونی خاڵ و دەقەکانی نێو ڕێککەوتن نامەکەیە.

٤. له ئەگەری چونە بواری جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتن نامەیە، لەلایەک متمانە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان دروست دەبێت، لەلایەکی دیکەش هاوڵاتیان ئەو گومانانەی لەهەمبەری ڕێککەوتنە سیاسییەکان بۆ یان دروست بوە تارادەیەک دەرەوێتەوە، بە پێچەوانەشەوە، لەئەگەری جێبەجێ نەبونی ریککەوتن نامەکە، دۆخی بێ متمانەی و بۆشای نێوان لایەنە سیاسییەکان و هاوڵاتیان زیاتر وزیاتر دەبێت.

٥. یەکێک لە تایبەتمەندی ڕێککەوتننامە سیاسییەکان بۆ رزگاربونە لە دۆخی چەقبەستوی ئێستاو هەنگاو نان بەئاراستەی ئایندەیەکی باشتر. بۆ هەرێمی کوردستانیش ئەمە راستە. بۆیە ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە بە قەبارەیەکی بچوك و مامناوەندیش چاکسازی لێبکەویتەوەو لێکەوتەکانی بچنە چوارچێوەی خزمەت و قازانجی گشتییەوەو دۆخی قەیراناوی هەرێم بەرەو کەناری ئارامی ببات، ئەوکات دەکرێت ریککەوتنەکە بە سەرکەوتو ناوببرێت. بە پێچەوانەشەوە پاش تێپەربونی ئەو فەترە زەمەنیەی بۆ جێبەجێبونی ڕێککەوتنەوکەو بەشێک لە کارنامەکەی گۆڕان دانراوە لە حکومەتدا، لەئەگەری فەرامۆشکردن و کوشتنی کاتتدا، پێویستە دەستبەجێ گۆڕان هەڵوێستی یەکلاکەرەوە بنوێنێ و قسەی لەسەر شکستی ڕێککەوتنەکە هەبێت.

٦. چوار ساڵی ئایندە بۆ بزوتنەوەی گۆڕان، چوار ساڵی گرنگ و چارەنوسسازە، لەپێناو خزمەتکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەو ئەجێنداکانی، لەگەڵ تێپەراندنی هەموو ئەو بەربەستانەی لەماوەی رابردودا هاتنە بەردەمی. راستە لە ئێستادا بزوتنەوەی گۆران گێمی یەکەمی پرۆسەکەی تا ئاستێک بەباشی بڕیوە، بەڵام ئەوەی زەمانەتی سەرکەوتنی بزوتنەوەی گۆران و ریککەوتننامەکەیەتی، بریتییە لە:

- هەوڵدان بۆ هێنانە ناوەوەی لایەنەکانی دیکە بۆ نێو ڕێککەوتننامەکە. بەتایبەت ئەو لایەنانەی خواستی بەشداربونیان هەیە لەدەسەڵاتدا.

- پرکردنەوەی سەرجەمی ئەو پۆستانەی لەرێککەوتنەکەدا هاتون بە پێی ئەو فەترە زەمەنیەی بۆیان دانراوە. لەرێگەی دەستنیشانکردنی کاندیدی ئەو شیاو لەسەر بنەماو پێوەری لێهاتوی و ڕاستگۆی بۆ بەرنامەی گۆران.

- جیا لەکارنامەی گشتی حکومەت، پێویستە بزوتنەوەی گۆران بەرنامەو پلانی درێژخایەنی تایبەت دابرێژێت بۆ ئەو وەزارەت و دەستانەی کە وەریان دەگرێت، هاوکات کار لەسەر بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی بکات، بەدیاریکراویش لەو سێکتەرانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی گۆرانەوە. بەو

ئامانجەی گۆران بتوانێت لەسەر گشت پلەو ئاستەکان، خزمەت بە کۆی گشتی کۆمەڵگا بگات.

- سوربون و بەردەوامی بزوتنەوەی گۆران لەسەر جێبەجێکردنی خاڵەکانی رێککەوتننامەکە، بە پێی ئەو سەقفە زەمەنیەی دیاریکراوە لە ئەولەویەتی کارەکانی ئەم کابینەیە بێت. لە نمونەی لابردنی پاشەکەوتی موچەو گەراندنەوەی سزادراوان بۆ سەرکارەکانیان و دەرکردنی یاسای چاکسازی لەپەرلەمان..هتد، تا لەکەمترین ماوەدا ئەم خاڵانە جێبەجێ بکرێن، ئەمەش بۆ دروستبونی متمانە لەنێوان لایەنەکان و باشرکردنی دۆخی بژێوی فەرمانبەران و هاولاتیان، لە دەستپێکی تەمەنی کابینەی نوێی حکومەتدا.

- گوێگرتن لەهەموو ئەو تێبینی و سەرنجانەی لەبارەی رێککەوتنەکەوە دەگوترێت، چ رەخنەکان، چ ئەوانەی پەسەندی دەکەن. بەئامانجی سود وەرگرتن لە زۆرترین سەرنج و رەخنەو پێشنیار، تاوەکو گۆڕان بە بەرچاو رونییەوە هەنگاو بنێت، ئەوەش لە پێناو دوبارەنەکردنەوەی هەڵەکان و سود وەرگرتن لەئەزمونەکانی رابردوو، لەپێناو پێشکەشکردنی زۆرترین چاکسازی و خزمەت لەماوەی کاری داهاتویدا.

## سەرچاوەکان


- پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەی گۆڕان، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://gorran.net/Details_hawal.aspx?jimare=90

- پاکێجەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ چاکسازیی ریشەیی لە هەرێمی کوردستاندا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://archive.gorran.net/Detail.aspx?id=6&LinkID=106&fbclid=IwAR3EzA5kR2gTf6mgwuer6uI4ELnFd2D6aWYBkVcgSM467WXNPA1YI1ONEY0

- بەرنامەی لیستی (١٤٨)ی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://archive.gorran.net/Detail2.aspx?id=17002&LinkID=159

- دروشمەکانی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://archive.gorran.net/Detail2.aspx?id=17009&LinkID=159

- بەرنامەی لیستی گۆڕان ١٤٨ بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٨، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://archive.gorran.net/Detail.aspx?id=16588&LinkID=108

- دروشمەکانی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٨، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://archive.gorran.net/Detail.aspx?id=16565&LinkID=108

- KNNدەقی رێککەوتنەکەی گۆڕان و پارتی بڵاودەکاتەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=13959&fbclid=IwAR1ybtZiKi11Up08jvxbCF0SzWVKfyo4F8-bRJRBnY4GARp9JKVTu2nicxU